# پرۆژە یاسای هەمواری

## یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق

## ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١

**ماددەی (١):**

یەکەم: ناونیشانی (یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یاسای ماف و ئیمتیازاتی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان).

دووەم: دەستەواژەی (خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان) جێگەی دەستەواژەی (کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**ماددەی (٢):**

یەکەم: بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (یەکەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(چوارەم: ئەنجومەنی چاودێریی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان).

دووەم: بڕگەی (پێنجەم)ی ماددەی (یەکەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و لەبەر رۆشنایی ئەمە بڕگەکانی دواتری ریزبەند دەکرێنەوە.

سێیەم: بڕگەی (شەشەم)ی ماددەی (یەکەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(شەشەم: خاوەن کەمئەندامیی: هەر کەسێك دووچاری پەککەوتەییکی ماوە درێژ بوویێت، جا چ جەستەیی بێت یان ئەقڵی یان هزری یان هەستی، بەشێوەیەکی تەواو بێت یان بەشێکی، ببێتە بەربەستێك یان زیاتری بەشداریکردنی بەشێوەیەکی سروشتی لە کۆمەڵگە وەك کەسانی دیکە).

چوارەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی (یەکەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت و بەریزبەندی (حەوتەم) و لەبەر ڕۆشنایی ئەودا بڕگەکانی دیکە ریزبەند دەکرێنەوە، و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(حەوتەم: کورتەباڵا: هەر کەسێکی پێگەیشتوو درێژی لە (١٤٢) سم زیاتر نەبێت بۆ نێر، و لە (١٣٧) سم زیاتر نەبێت بۆ مێ).

پێنجەم: بڕگەی (حەوتەم)ی ماددەی (یەکەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(حەوتەم: کارتی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان: ئەو کارتەیە وەزارەت دەری دەکات و دەبێتە مایەی ئەوەی هەڵگرەکەی ئاشنا بێت بەو ماف و ئیمتیازاتانەی ئەم یاسایە دەیبەخشێت).

شەشەم: بڕگەی (دەیەم)ی ماددەی (یەکەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەیەم: بنکەکانی حەواندنەوە: ئەو بنکانەن کە خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان لەخۆ دەگرن ئەوانەی شوێنی حەوانەوەیان نییە و پێویستیان بە کەسانێك هەیە چاودێرییان بکەن).

حەوتەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی (یەکەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت بەریزبەندی (یازدەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یازدەم: سندوق: سندوقی کۆمەك بۆ چاودێریی و شیاندنی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان).

ماددەی (٣):

هەردوو برگەی (دووەم) و (سێیەم)ی ماددەی (سێیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دووەم: نوێنەری ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بەو مەرجەی پلەی هەر کامیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت:

١- وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی.

٢- پەروەردە.

٣- تەندروستی.

٤- رۆشنبیری و لاوان.

٥- دارایی و ئابوریی.

٦- شارەوانی و گەشتوگوزار.

سێیەم: نوێنەرێکی یەکێك لە کۆمەڵەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت کە ئەم کۆمەڵانە لە نێوان خۆیان دەستنیشانی دەکەن).

ماددەی (٤):

هەردوو برگەی (دووەم) و (سێیەم)ی ماددەی (شەشەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دووەم: ئەوانەی حوکمەکانی برگەی (یەکەم)ی ماددەی سەرەوە دەیانگرێتەوە لە کەسانی فەرمانبەر شایستەی دەرماڵەی بەرامبەری کەمئەندامیی دەبن بەپێی ئەو رێژەیە و لەو سنوورەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری لێدەدات.

سێیەم: ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی سەرەوە دەیانگرێتەوە لە کەسانی بێ دەرامەت شایستەی بەرامبەری کەمئەندامیی دەبن کە یەکسانە بە دوو لەسەر سێی کۆمەکی چاودێریی کۆمەڵایەتی سەرباری کۆمەکێك کە بەم شێوەیەی دادێت دیار دەکرێت:

کۆمەکی چاودێریی کۆمەڵایەتی × ڕێژەی پەککەوتەیی).

**ماددەی (٥):**

بڕگەیەك بۆ ماددەی (نۆیەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت بە ریزبەندی (چوارەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(چوارەم: دانانی پڕۆگرامی تایبەت دەربارەی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەبالآیان لە پڕۆگرامەکانی پەروەردەیی).

**ماددەی (٦):**

یەکەم: دوو بڕگە بۆ ماددەی (دەیەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت بەریزبەندی (پێنجەم) و (شەشەم) و لەبەر ڕۆشنایی ئەمە بڕگەکانی دواتر ریزبەند دەکرێنەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێنەوە:

(پێنجەم: خاوەن پڕۆژە تایبەتەکان پابەند دەبن بە بەکارخستنی ڕێژەیەك لە خاوەن کەمئەندامیی و کورتەبالآیان لە پڕۆژەکانیان، بەو شێوەیەی گونجاو بێت لەگەڵ توانا و لێزانییەکانیان لەگەڵ شیاندن و ڕاهێنانی گونجاو بۆیان و بەو شێوەیەی لەگەڵ پێداویستییەکانی کار دەگونجێت.

شەشەم: نابێت کەسی خاوەن کەمئەندامیی یان کورتەبالآ بێبەش بکرێت لە دەرفەتەکانی وەزیفەپێدان یان کار بەهۆی حاڵەتەکانیان هەر کاتێك خاوەنی توانا و لێهاتوویی بن بۆ بەجێگەیاندنی وەزیفە یان کارەکە).

دووەم: بڕگەیەك بۆ ماددەی (دەیەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت بەریزبەندی (حەوتەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(حەوتەم: خاوەن کەمئەندامیی و کورتەبالآیان مافی دەستکەوتنی مۆڵەتی شوفێریان هەیە بەپێی ڕێنمایی یە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق).

مادەدەی (٧):

بڕگەیەك بۆ مادەدەی (یازدەم)ی یاساکە زیاد دەکرێت بەریزبەندی (پێنجەم) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(پێنجەم: ئەو لایەنانەی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون جێبەجێ دەکەن پابەند دەبن بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت بە تەرخانکردنی ڕێژەیەکی دیارکراو لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ خاوەن کەمئەندامیی و کورتەبالآیان بەو مەرجەی گونجاو بێت بۆ بارودۆخی گوزەران و جەستەییان).

مادەدەی (٨):

زیادکردنی بەندێك بۆ بڕگەی (دووەم)ی مادەدەی (دوازدەم)ی یاساکە بەریزبەندی (٣) و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٣- دامەزراندنی ناوەندێکی پێشکەوتوو بۆ دەستنیشانکردنی کەمئەندامیی و کاروبار و بەرنامە و ڕێگەی کارکردنی بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزیر بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و وەزیری تەندروستی دەری دەکات).

مادەدەی (٩):

بڕگەی (یەکەم)ی مادەدەی (سێزدەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(یەکەم: لایەنی پەیوەندار لە حکومەت پابەند دەبێت بە رەخساندنی دەرفەتی وەرزشکردن و ئەنجامدانی چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان و یارمەتیدانیان لەسەر ئەنجامدانی ئەو وەرزشەی بۆیان گونجاوە ئەویش لە رێگەی:

١- گونجاندنی یاریگە و هۆڵ و خێوەتگە و یانەکان بۆ حاڵەتی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان.

٢- پابەندکردنی لایەنەکانی دیکەی خاوەنی یاریگە و هۆڵ و یانەکان بە دابینکردنی بەش و دامەزراوەی تایبەت تیایدا بۆ ئەوەی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان بتوانن تیایدا وەرزش و چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن).

ماددەی (١٠):

ئەم دەقەی خوارەوە جێگەی دەقی ماددەی (حەڤدەم)ی یاساکە دەگرێتەوە:

(پێویستە لەسەر حکومەت رۆشنبیریی قەبولکردنی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان لە کۆمەڵگە بڵاو بکاتەوە وەك بەشێك لە هەمەجۆریی مرۆیی و کارکردن لەسەر رێکخستنی پلان و پرۆگرامی لەبار بۆ پتەوکردنی ئەم هەمەجۆرییە).

ماددەی (١١):

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (١٢):

ئەم یاسایە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر ئەوەی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ یەکەم یاسایە لە هەرێم چارەسەری مسۆگەرکردنی ماف و ئیمتیازاتی چینێکی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵای کردبێت، و لە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دەیەیەك بەسەر دەرچوواندنی ئەم یاسایە، پیادەکردنی کردارەکی سەلماندوویەتی چەند کەموکورتییەك و کەلێنێکی تێدایە دەبنە ڕێگر و بەربەست لە بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجانەی لە کاتی دەرچوواندنی خوازراون، و بۆ مسۆگەر کردن و پتەوکردنی زیاتری ماف و ئیمتیازاتی ئەم چینە لە ئەندامانی کۆمەڵگە و بەدەنگەوەهاتنی حکومەت بۆ ئەرکی چاودێریی خاوەن کەمئەندامیی و کورتەباڵایان و وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ستاندارده نێودەوڵەتییە پەیڕەوکراوەکان لەم جۆرە چاودێرییە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.